






## هێدی خان مەجید:
### یاریزانی تۆپی پێی یانەی ئەفرۆدێت

# خەونی گەورەم بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانە لە خولە نێودەوڵەتییەکان

*** ئاستی یاری فوتسال لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

-فوتسالڵ بەرەوپێش چووە لەم ساڵانەی دواییدا، خولەکانیش لە زۆربووندان و کوالێتی خولەکانیش لە بەرزبوونەوەدایە، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرز ببێتەوە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکان دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی ئاستی یاریزانان و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەم یارییە و یاریزانەکانیش ئەزموونی زیاتر پەیدا دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاستیان بەرزببێتەوە، بەپێچەوانەوە نەکردنەوەی پاڵەوانێتی هۆکارێکە بۆ گەشەنەکردنی ئاستی ئەم یارییە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ ئاستی زیاتر بەرزبێتەوە؟**

-خولی زیاتر بکرێتەوە، بەها و ژمارەی خەڵاتەکان بەرز بکرێتەوە، راگەیاندنەکانیش بەشداربن لە هاندانی خێزان و خانەوادەکان بۆ ناردن و هاندانی کچەکانیان بۆ بەشداریکردن لەم جۆرە یارییەدا.

*** گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

-خراپی کوالێتی یاریگاکان، خراپی ئاستی دادوەران، کەمی خولەکان و قەیرانی دارایی یانەکان کێشەیەکی گەورەیە. گرنگینەدانی میدیاکان بە یاری فوتساڵ و لە رووی ئاستی نزمی هۆشیاری خێزان لە هەمبەر ناردن و هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداری لەم یارییەدا ئەمانە هەموویان گرفتن.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەشکراوە؟**

-من لەگەڵ یاری فوتساڵ یاری فوتباڵیش دەکەم، بەم هۆیەشەوە لە چەندین یانە گرێبەستم پێشکەش کراوە، وەك یانەکانی زێرەڤانی و گازی باکوور.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- لەسەر چەند ئاستێك کار بۆ داهاتووی خۆم دەکەم. لەسەر ئاستی کەسی هەوڵدەدەم ئاستێکی بەرز پێشکەش کەم لەگەڵ ئەو یانانەدا کە یارییان بۆ دەکەم، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش هەوڵدەدەم سەرنجی یانە بەهێزەکان بۆ خۆم ڕابکێشم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**






**لە ئێستادا لە شاری سلێمانی گرنگییەکی زۆر بە یارییەکانی فوتساڵ دەدات و تیپەکانی ئەم شارەش ڕکابەری بەهێزدەکەن لە خول و پاڵەوانێتییەکان، یانەی ئەفرۆدێتی تایبەت بە ئافرەتانی سلێمانیش هەمیشە پێشەنگ بووە لە خزمەتکردنی کچە وەرزشکارانی یانەکەیان، یەکێک لە یاریزانە هەر بەتواناکانی یانەکەش کە لە هەردوو خولی فوتساڵ و تۆپی پێی گەوران یاری دەکات، کچە یاریزان هێدی خان مەجیدە. ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری سلێمانییە و هێدی دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی، جگە لە یانەی وەرزشیی ئەفرۆدیت، بۆ هەریەک لە یانەگانی گازی باکوور و زێرەڤانیش یاری کردووە، لە هەردوو خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان و عێراقیش توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات. ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان—ی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

-نەخێر، من لەگەڵ ئەوەدا نیم یاریزانانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشداری یارییەکان بێت، پێویستە ڕاهێنەری کورد کار لەسەر یاریزانانی کورد بکات، تا بیانگەیەنێتە ئاستێکی زۆر باش بۆ ئەوەی پێویستمان بە یاریزانی دەرەکی نەبێت.

*** لە خێزانەکەت بەتەنیا تۆ وەرزشوانی، یان کەسی تریش هەیە؟**

- پرسیارێکی جوانە و دەمەوێت لەم مینبەرەی ئێوە سوپاسی هاوسەرکەم بکەم کە زۆر هاندەرمە بۆ وەرزشکردن، خۆیشی وەرزشوانێکی باشە لە یاری تۆپی پێدا.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

-داواکارم لە لێژنەی ئۆڵۆمپی و لایەنی بەرپرس کە گرنگی زیاتر بە یاری فوتساڵ بدەن لە ڕووی دابینکردنی بودجە و گۆڕەپانی باش و خولی ناوبژیوانی.

*** چۆن بوو پێوەندیت بە یانەی ئەفرۆدێت کرد؟**

-یانەی ئەفرۆدێت یەکێکە لەو یانە ناوازانەی کە گرنگی تایبەت بە یاریزانی ئافرەت دەدات، یانەیەکی بەهێزیشە، بۆیە من پێوەندیم بەم یانەیەوە کردووە و تا ئێستاش بەردەوامم لەگەڵی.

***ئایا لە هەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-وەك یاریزانێکی کورد بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوم و بە خۆشحاڵییەوە ئەگەر خولێك بۆ هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراق بکرێتەوە، یاری دەکەم.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزان چییە؟**

-خەونی گەورەم یاریکردنە بۆ هەڵبژاردەی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاڵاکەی لە خولە نێودەوڵەتییەکان.

***بە کام یاریزانی جیهانی و ناوخۆ سەرسامیت؟**

-هەریەك لە یاریزانان دەیڤد بێکهام، زیدان، کارلۆس، ڕۆنالدۆ، ڕۆنادینهۆ، میسی، ئیبراهیمۆڤیچ، لە ئاستی کچە یاریزانانیش زۆر بە کچە یاریزان دڵسۆز عوبێد پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدان.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم لەم خزمەتە بەردەوامەی بە وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەیکات، زۆر سوپاسی دایك و باوك و برا و هاوسەرم دەکەم، بەتایبەتی دایکم کە زۆر هاندەرم بووە، هەروەها سوپاسی مامۆستا عەباس فەرەج دەکەم و دەستی ماندووبوونی دەکوشم.




## هاڵک پەیوەندی بە خولی چینی کرد

گیڤانیلدۆ ڤیێرا دی سۆزا ناسراو بە هاڵک هێرشبەری بەرازیلی یانەی زێنیت سان پترسبۆرگی روسی ریزەکانی ئەو یانەیەی بەرەو یانەی شانگهای چینی جێهێشتووە.

ماڵپەری ( Sky Sport) ئاشکرای کرد بەرپرسانی یانە زێنیت رازی بوونە بە دەستبەرداربوون لە هاڵک هێرشبەری بەرازیلی یانەکەیان بەرامبەر ٥٥ ملیۆن یۆرۆ، بۆیە لە ماوەی داهاتوو ئەو یاریزانە بە شێوەیەکی فەرمی پێوەندی بە یانەی چینیەکە دەکات.

سەرچاوەکە ئەوەشی بلاوکردەوە یاریزانی بەرازیلی بریارە بە مەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی گەشتی وڵاتی چین بکات و دواتر گرێبەستەکەی بەفەرمی واژۆ بکات.

## زامبرۆتا یەکەم ئەرکی راهێنەرایەتی پێسپێردرا

جیانلۆکا زامبرۆتا بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بۆ وەرزی داهاتوو ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی دینامۆ دێهلی هیندیستان دەگرێتە ئەستۆ.

زامبرۆتا یاریزانی پێشووی یانەکانی (یوڤانتوس، ئەیسی میلان، بەرشلۆنە) بۆ ماوەی چوار مانگ ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی دینامۆ دێهلی هیندستانی دەگرێتە ئەستۆ، بۆیە بە مەبەستی دەست بەکار بوونی بەرەو ئەو وڵاتە گەشت دەکات.

سیمۆنێ بارۆتای وەک یاریدەری لە ریزەکانی یانە هیندییەکە دەست بەکار دەبێت.




# شارەپۆڤا بووە قوتابی زانکۆ

دوای سزادانی بە راگرتنی بۆ ماوەی دووساڵ، بڕیارە (ماریا شاراپۆڤا)ی کچە تێنسزانی رووسی وەک قوتابییەک لە کۆلێژی هارڤارد، بەشی ئابووری و کارگێڕی تەواو بکات.

دوای ئەوەی یەکێتی تێنسی جیهانی بەهۆی بەکارهێنانی مادەی وەزەبەخش بریاری راگرتنی (ماریا شارەپۆڤا)ی بۆ دووساڵ راگەیاند، ئەو کچە تێنسزانە رووسییە لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) وێنەیەکی خۆی بڵاوکردووەتەوە، کە لە زانکۆی هارڤارد لە واشنتۆن گیراوە، تێیدا نووسیویەتی (بۆ دەست پێکردنی وانەکان زۆر پەرۆشم).

شارەپۆڤا کە تەمەنی ٢٩ساڵە و داهاتێکی زۆری لە تێنس و ریکلامەکان دەست دەکەوت، بەم دواییە بەهۆی ئابڕووچوونەکەی بە بەکارهێنانی مادەی وزەبەخش سزادانی لە لایەن یەکێتی تێنسی جیهانی، داهاتی ساڵانەی لە ٢٩ ملیۆن یۆرۆ بۆ ٢١ ملیۆن یۆرۆ دابەزی.







# تالیبە سووریش داوا کراوە

لەگەڵ ئەوەی لە ئێستاوە بازاری کڕین و فرۆشتنی یاریزانان دەستی پێکردووە و یانە بەشداربووەکانی هەریەك لە خولەکانی نایابی عێراق و نایابی کوردستان و خولی پلە یەکی کوردستان و عێراق کەوتوونەتە خۆیان بۆ خۆ بەهێزکردن بۆ وەرزی نوێی دەستپێکی خولەکان، یاریزانانیش لە ئێستادا کامە یانە باری دارایی باشتر و بڕی گرێبەستی گرانبەها دابنێت بۆ یاریزانان، روو لەو یانەیە دەکەن. تالیب رەقیب کە بە تالیبە سوور ناسراوە و یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرە و بگرە لەسەر ئاستی کوردستانیش لە هێڵی ناوەڕاست رۆڵی کاریگەری هەبووە لە یانەکان و لە وەرزی ڕابردووش لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی پلەی دووەمی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنێت، لە ئێستاشدا لە هەوڵی دۆزینەوەی یانەیەکی باشە بۆ وەرزی نوێ و لەم بارەشەوە بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: «تاکو ئێستا بڕیاری ئەوەم نەداوە لەگەڵ چ یانەیەك ڕێکبکەوم بۆ




وەرزی نوێی خولەکانی تۆپی پێی کوردستان، چونکە یانەی پێشمەرگەی هەولێریش باری دارایی خراپە و تاکو ئێستا دیار نییە کە وەرزی نوێ چ بەرنامەیەکیان دەبێت بۆ خولی کوردستان، لە وەرزی ڕابردووش نیازیان هەبوو بەشداری نەکەن، چونکە باری دارایی تیپەکە ناجێگیر بوو، بۆیە ئەوان نەیاندەویست شەرمەزاری یاریزانان بن، ئەمساڵیش نازانم چی دەبێت، ئایا پارە پەیدا دەکەن بۆ یاریزانان یاخود نا، چونکە لە ئێستادا یاریکردنی یاریزانان هەمووی بە پارە و گرێبەستە.» لە بارەی هاتنی گرێبەستیش بۆی، سوورە گوتی: «بە فەرمی پێم نەوتراوە لەلایەن یانەکان، بەڵام وەکو کەس پێم گوتراوە زۆریش لە کەسەکانی یانەکان ئەویان پێ ڕاگەیاندووم کە بچم بۆ یانەکانی ئەوان یاری بکەم، بۆیە منیش جارێك هیچ بڕیارێکم نەداوە و هەوڵدەدەم لە ئایندەیەکی نزیك بڕیارێکی باش بدەم بۆ پاشەڕۆژی وەرزشی خۆم.»





# کچانی کوردستان کۆنترۆڵی عێراق دەکەن

دوای ئەوەی ئاستی تۆپی باسکە لە شارەکانی کوردستان بەرزبوونەوەی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتیش لە شاری سلێمانی کە کچان سیروانی نوێ توانییان ببەنە پاڵەوانی عێراق و بەشداری لە جامی ئاسیاش بکەن لە وڵاتی میسر، بۆیە بەهۆی ئاست بەرزی کچە کوردانی باشوری کوردستان، یەکێتیی تۆپی باسکەی عێراق لە شاری بەغداد لە هۆڵی گەل پاڵاوتنی بۆ ژمارەیەك لە یاریزانانی شارەکانی عێراقی کرد، لە ناو ئەوانیش کۆمەڵێك کچە یاریزانی کوردی ریزی یانەی سیروانی نوێ هەن کە توانییان پشکی شێر لە بوون بە یاریزانی باسکەی هەڵبژاردەی عێراقی وەربگرن و کۆنترۆڵی هەڵبژاردەکەیان بکەن، ئەوانیش هەریەك لە یاریزانان (هاژە کامەران، ژولیان هەڵگورد، کوردستان نامیق، میرەندە نەواف، وەفا جاسم، چۆمان نەواف و کەنار موحسین) بوون، لە داهاتووشدا ئەم کچە یاریزانانە وەکو هەڵبژاردەی باسکەی کچانی عێراقی بەشداری خولەکانی دەرەوەی عێراق دەکەن. لە بارەی وەرگرتنی ئەم کچە یاریزانانەش رزگار رەئوف ڕاهێنەری کچە کوردەکانی شاری سلێمانی گوتی: «ئێمە دوای ئەو هەوڵ و ماندووبوونەمان لە ماوەی ڕابردوو بۆ خزمەتکردنی یاری باسکە، توانیمان کارێکی باش بکەین و ئاستی یاری باسکە لە شاری سلێمانی بەرزبکەینەوە، دوای بانگهێشتکردنی یاریزانانی ئێمەش بۆ شاری بەغدا بۆ پاڵاوتنیان بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراقی لە کۆی ژمارەیەك لە کچە یاریزانەکانمان حەوت یاریزانیان بوونە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و لە داهاتوودا بەشداری چالاکییەکانی ئەم هەڵبژاردەیە دەکەن، ئەوەش مایەی دڵخۆشییە بۆ هەموو لایەکمان، وەکو ڕاهێنەریش ئێمە لە داهاتوودا بەرنامە و پلانی باشترمان دەبێت بۆ خزمەتکردنی ئەم یارییە لە کوردستان.



# کۆچی یاریزانە کوردەکان دەستی پێکرد

دوای ئەوەی ئەم قەیرانە داراییە سەختەی رۆی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، ماوەی دووساڵ دەبێت یانەکانی کوردستانیش نەیانتوانیوە پارەی پێویست بۆ یاریزانە ئەستێرە کوردەکانی یانەکانیان دابین بکەن، لە ئێستاشدا بەهۆی داواکردنی زۆری یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ یاریزانە کوردەکان و پێدانی گرێبەستی شایستە بۆ یاریکردن لە خولی نایابی تۆپی پێی عێراقی، یاریزانە کوردەکان روو لە باشووری عێراق دەکەن. هەردی سیامەند یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان و عێراق و دڵی بەرگری یانەی وەرزشیی هەولێر دوای هاتنی چەندین گرێبەست بۆ ئەم یاریزانە لە کۆتاییدا بڕیاری دا بۆ وەرزی نوێی خولی عێراقی، لە ریزی یانەی مینای بەسرا یاری بکات، لەم بارەشەوە هەردی سیامەند بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی مینای شاری بەسرا لە باشووری عێراق مۆرکردووە، هەر چەندە من چەند گرێبەستی ترم هەبوو کە بچم بۆیان یاری بکەم، بەتایبەت بۆ هەریەك لە یانەکانی شورتە و نەفتی وەست کە ئەوانیش پێوەندییان بە من کردبوو بۆ ئەوەی من بچمە ریزی ئەوان، بەڵام بۆ من یانەی مینا لەوانی تر باشتر بوون و گرێبەستەکەشم بۆ ماوەی یەك وەرز دەبێت.» لە بارەی بڕی گرێبەستەکەش هەردی گوتی: «گرێبەستەکەم خراپ نییە و هەوڵیش دەدەم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لەگەڵ یانەی مینا لە خولی عێراقی.» لەبارەی دەستبەرداربوونیشی لە یانەی هەولێر هەردی گوتی: «یانەی هەولێر هەمیشە لە ناو دڵمانە، بەڵام ئیدی ئەوە ژیانی پیشەگەرییە و یاریزان بە دوای بژێودا دەگەڕێن، یانەکانی کوردستانیش لە قەیرانی دارایی سەختدان و بە هیوای ئەوەشین بتوانین ئاستی باش پێشکەش بکەن و ناوی خۆمان و کوردستانیش بەرز بکەنەوە لە ریزی ئەم یانانە.